# لە یادی راپەرینی بەهاری 1968 لەفەرەنساو
# دکتۆر ڤیەنۆی دۆستی کورد

دکتۆر نوری تاڵەبانی

دوو هەفتە زیاترە راپەرینێکی فراوان  کە لاوان سەرکردایەتی دەکەن لە بەشی هەرە زۆری شارو ناوچەکانی فەرەنسا بەرپابووەو جارێ ئاکامەکانی بەدەر نەکەوتوون.  ئەم راپەرینەی بەهاری 2006 دەشوبهێتە راپەرینی بەهاری ساڵی 1968 کە ئەویش لە زانکۆی سۆربۆنەوە سەریهەڵداو  دەستیپێکردو پاش ماوەێکی کەم لەبەشی هەرە زۆری شارو ناوچەکانی فەرەنسا خۆپیشاندان و مانگرتن دەستی پێکردو بلاّوبووەوە. ژمارەی بەشداربووان لە مانگرتنی ساڵی 1968 گەیشتە پتر لە دوانزە ملیۆن, جەماوەرو خەڵکی فەرەنسا بە گەرمەوە پشتیوانیان لێدەکرد, بەلاّم بەشی زۆری  هێزە سیاسیەکان لەسەرتادا خۆیان لێبەدووردەگرت.  پاشان ئەوانیش ناچاربوون یەك لەدوای یەك بێنە ناو جەماوەرەکەوەو  بەیاننامەی پشتگیری بۆ بزوتنەوەکە – وەك ناویان لێدەنا_ بلاّوبکەنەوە.  لەسەرەتای راپەرینی بەهاری 1968خوێندکارانی زانکۆکان, بەتایبەتی زانکۆی سۆربۆن لەناوجەرگەی پاریسەوە دەستیان بەخۆپیشاندنکرد, هەندێ توندوتیژیو پێکدادان لەگەڵ پۆلیس روویاندا.  خوێندکاران زانکۆکانیان داگیرکردو کۆبوونەوە لەوێدا سازدەکران, وتارو خوێندنەوەی بەیان و گوفتوگۆو بیروراگۆرینەوە بەردەوام بوو, خەڵکی دەچوونە ناو کۆلێجەکان  بۆ گوێراگرتن لە وتەکان وتەمشاکردنی ئەو پیشانگایانەی رێکخرابوون.  سیاسەتمەداران بەتایبەتی هی هەردوو پارتی سەرەکی چەپی فەرەنسی, پارتی کۆمۆنیست و پارتی سۆسیالیست لەژێر فشاری روناکبیرانی ناو حیزبەکانیان ئەوجا هاتنە ناو راپەرینەکەوە.

لەو سەردەمەدا خوێندکاری دکتۆرا بوم لە سۆربۆن, هەموو رۆژ وەك جاران دەچوومە کتێبخانەی کۆلێجەکەم بۆ کارکردن, بەلاّم بە بەردەوامیش دەچوومە ناو هۆڵ و ژوورەکانی زانکۆوە بۆ تەماشاکردنی ئەو حەشاماتەی کۆببوونەوە, بەشێکیان وتاریان دەخوێندەوەو بەشی هەرە زۆریان گوێگربوون.  جاروبار دەبووە مشتومر لە نێوانیان, بەلاّم نارەحەت نەدەبوو لە راوو بۆچوونی بەرامبەرەکەی.  رۆژ لەپاش رۆژ بەڵکو سەعات لەپاش سەعات ژمارەی قوتابیان زیاتر دەبوون.  پاش تێپەربوونی چەند رۆژێك بەسەر دەستپێکردنی ئەو راپەرینە, کەسانێکی وەك(جان پۆل سارتەر)و هاوکارانی دەهاتنە ناو قوتابیان.  (ئەراگۆن)ی شاعیر کە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیست بوو هاتە ناو خەڵکەکەوەو قسەی بۆکردن, لەکاتێکدا جارێ هەڵوێستی حیزبەکەی روون نەبوو.  (مەندێس فرانس) کە سەرۆکی پارتی رادیکالی فەرەنسی بوو لەگەڵ (فرانسۆ میتێران) سەرۆکی حیزبی سۆسیالیست پێکەوە بەیاننامەکیان بلاّوکردەوە بۆ پشتگیریکردن لەداواکاریەکانی مانگرتووان, ئەو بەیاننامەیە زەخمێکی گەورەی بە راپەرینەکە بەخشی.  لەو بەیاننامەدا میتەران ئامادەیی

خۆی پیشاندابوو کە کاروباری وڵات وەك سەرۆکێکی کاتی بگرێتـە دەست وهاوکاری لەگەڵ مەنـدێس فرانـسدا بکات وەك سەرۆکی کاتی ئەنجومەنی وەزیران, گەر جەنەراڵ دیگۆڵ دەست لەکاربکێشێتەوە. کار گەیشتە رادەی ئەوە کە پۆلیس دەرەقەت نەدەهات وتوندو تیژی بەکارنەدەهێنا دژ بە خەڵکەکە. میدیا هەواڵی ئەوەی بڵاوکردەوە کە جەنەراڵ دیگۆڵ داوای لە فەرماندەی هەندی یەکەی لەشکری نزیکی پاریس کردووە بێتە ناو شەقامەکانەوە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە, بەڵام قبووڵیان نەکردووە. دیگۆڵ بە فرۆکەیێکی سەربازی چووە فرۆکەخانەی سەربازیی لە (بادن بادن)لە ئەڵمانیا کە بەشێك لە لەشکری فەرەنسی لێبوو. بڵاوبووەوە کە داوای هاوکاریکردنی لێکردبوون, بەڵام ئەوانیش نێگەتیڤانە وەڵامیان دابووەوە, جەماوەرەکە بەو هەڵوێستەی دیگۆل پەستتر بوون. پاش گەرانەوەی بۆ پاریس, بەیاننامەیێکی بڵاوکردەوە تێیدا گوتی لەماوێکی کورتدا دەنگدان رێکدەخرێت تا بزانێ رای خەڵکەکە چیە, ئەگەر دەنگیان بەزۆرینە بۆ نەدا ئەوا دەست لەکار دەکێشێتەوە. چەند مانگییێکی پێنەچوو ئەو رێفەراندۆمە سازکراو خەڵکی فەرەنسا دەنگیان بەزۆرینە بۆنەدا, ئەویش دەستی لەکارکێشایەوەو گەرایەوە بۆ ئەو شارۆچکەی کە پێشتر لێی دەژیا.

پێمخۆشە ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەیە لەو راپەرینە لێرەدا وەك یادەوەرییەك بیگێرمەوە.

لە کۆتایی ساڵی 1965 لە پاریس کۆمیتەیەك بەناوی کۆمیتەی هاوکاری فەرەنسی – کوردی دامەزرابوو کە چەند مامۆستایێکی ناوداری زانکۆی سۆربۆن وچەند کەسایەتییەکی تر کە بەشی زۆریان مامۆستا بووون لە زانکۆکانی تری فەرەنساو چەند سیاسەتمەداریکی دۆستی کورد ئەندامی ئەو کۆمیتەیە بوون. بەڵام سکرتێرو دینامیکی ئەو کۆمیتەیە لاوێکی فەرەنسی بوو بەناوی (ژان پییێر ڤییەنۆ) کە دۆستێکی زۆر دلسۆزی کورد بوو. لەکاتی راپەرینەکەدا خوێندکارانی بیانی لە سۆربۆن خەریکی چالاکی سیاسی بوون سەبارەت بە باری سیاسی ناهەموار لە وڵاتەکانیاندا, وەك وڵاتانی ئەفریکاو ئەمریکای لاتینیو ئێران و وڵاتانی عەرەبی. هەر گرووپێك لەو گرووپانە لەلایەکەوە لەسەر چەند مێزێك کتێب و بەیاننامەو نووسراوی جۆراوجۆریان دانابوو, ئاڵای وڵاتەکەیان هەڵخستبوو. ڤییەنۆی دۆستی کورد ئەویش لەجەناحێکی گەورەدا لەژێر ناوی کوردستان ئاڵای کوردستانی هەڵکردبوو لەگەڵ وێنەیێکی گەورەی مەلا موستەفای بارزانی سەرکردەی شۆرشی کورد. کۆمەڵێك لە کتێب و بەیانامە کە کۆمیتەکەیان بڵاویکردبووەوە لەسەر چەد مێزێکی دانابوو بە جوانیو رێکوپێکی. ژمارەی خوێندکارانی کورد لە فەرەنسا لەو دەمەدا زۆر کەم بووین, بۆیە هەردوکمان بەنۆبە ئاگاداری ئەو جەناحەمان دەکردو وەڵامی خەڵکەکانمان دەدایەوە گەر پرسیاریان هەبوایا, مەسەلەی کورد لەو سەردەمەدا کەسانێکی کەم ئاگاداری بوون. رۆژێکیان لە نۆبەتی ئەودا بوو کۆمەڵێك خوێندکاری عەرەبی عێراقی چووبوونە سەریو داوایان لێکردبوو ئاڵای کوردستان بێنێتەخوارێ چونکە دەوڵەتێك نییە بە ناوی کوردستان! ئەویش پێی وتووبون کوردستان وڵاتێکە کە کەسێك ناتوانی نکوڵی لەبوونی بکات. هەندێکیانی دەستنیشان کردبوو وەك (لۆی یونس بەحری) کە لەودەمەدا خۆی بەچەپرەو پێناسە دەکرد. لۆی دەستی بردبوو ئاڵای کوردستان بینێتە خوارێ, ئەویش نەیهێشتبوو هەموویانی دەرکردبوون.

ڤییەنۆ دۆستێکی راستەقینەی گەلی کوردبوو, نووسەرو رۆژنامەنووس وخوێندکاری دکتۆرا بوو لە بەشی سوسیۆلۆجیو مێژوو لە سۆربۆن. تێزی دکتۆراکەی لەسەر بزوتنەوەی نیشتمانی گەلی کورد بوو لە پاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە. دکتۆراکەی سالێك پاش من وەرگرت, لە هاوینی 1969. بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تەمووزی 1970 لە ناوپردان, دکتۆر ڤییەنۆ لەگەڵ دکتۆر کامێران بەدرخان و هاوسەرەکەی بانگرابوون بۆ بەشداریکردن لەو کۆنگرەیە. پاش تەواوبوونی کۆنگرە, چوومە دەربەندی رایات بۆ چاوپیکەوتنیان. ئێوارە وەخت بوو کە گەیشتمە دەربەند چوومە سەردانی دۆستی دێرینم کاك دکتۆر شەفیق قەزاز کە لەو دەمەدا بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوە بوو. هەواڵی ئەو دۆستانەم لێپرسی کە بۆ سەردانیان چوبووم, وتی دکتۆر بەدرخان و هاوسەرەکەی هەردوکیان لەرێگای حاجی ئۆمەرانەوە چوونەتە ئێران, دکتۆر ڤییەنۆش هەر پاش نیمەرۆی ئەو رۆژە لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا ناردوومانن بۆ کەرکوك بۆ سەردانی من. لەگەڵ ئەو دوو دۆستەی لەگەڵم بوون ئەو شەوەمان لە دەربەند بەسەربرد, رۆژی پاشتر پێش خۆرهەڵاتن بەرێکەوتین و بەسودفە لە شەقڵاوە کە لاماندابوو بۆ تۆزێك حەسانەوە, چاومان بە ڤییەنۆ کەوت لەگەڵ دوو پێشمەرگەکەدا. دوو پێشمەرگەکەمان ناردەوە, ئێمەش پێکەوە چووینە کەرکوك, چەند رۆژێك میوانم بوو, پاشتر چووە سلێمانیو گەرایەوە ئەوجا چووە بەغدا لەوێوە گەرایەوە بۆ فەرەنسا. دانەیك لە تێزی دکتۆراکەی بۆ هێنابووم, وتی دانەیەکی ترم هێناوەو پێشکەشی بە سەرۆك موستەفا بارزانی کردووە. تێزی دوکتۆراکەی بریتی بوو لە دوو بەرگ لە 800 لاپەرەدا, یەکەمیان کۆڵینەوە بوو, بەرگی دووەمی بریتی بوو لە چەندەها دۆکیمەنتی مێژوویی زۆر بەنرخ سەبارەت بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلیکورد لەشەری جیهانی یەکەمەوە تا ئەو سەردەمە. لەو دۆکیمەنتانە تەنیا یەکێکیانم وەرگێرایە سەر زمانی عەرەبی کە دەقی یاداشتێکی شەریف پاشا بوو پێشکەشی بە کۆنفرانسی ئاشتی کردبوو کە لە ڤێرسای نزیکی پاریس بەسترابوو لە ساڵی 1919. وەرگێراوی ئەو دۆکیمەنەتەم دایە گۆڤاری (کاروان) کە لە ژمارەیەکدا بە زمانی عەرەبی لەساڵی 1992 بلاٌوکرایەوە. تێزەکەی دکتۆر ڤییەنۆ لەناو کتێبخانەکەم مایەوە تا ناوەراستی نەوەتەکان, ئەویش وەهەموو ئەو کتێب و دۆکیمەنتانەی لەناو کتێبخانەکەمان بوون کە زیاتر لە 3000 دەبوون هەموویان سوتێندران بەهۆی شەری ناوخۆییەوە لە هاوینی 1996, لەکاتێکدا نە بەشێك بووین لەو دوو لایەنەی ئەو شەرەیان دەکرد, بەڵکو هەمیشە هەوڵی راگرتنی ئەو شەرەمان داوەو چەند ساڵێك بوو لە دەرەوەی وڵات لە بریتانیا دەژیاین! ئومێدەوارم ئەو نوسخە لە تێزی دکتۆراکەی دکتۆر ڤییەنۆ کە پێشکەشی بە خوالێخۆشبوو مەلا موستەفا کردبوو مابێو نەفەوتابێ.

لە بەهاری 1999 کۆنفرانسێك لەناو پەرلەمانی فەرەنسی سازکرا سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن رژێمی بەعسەوە, منیش بانگکرابووم بابەتێکم سەبارەت بە سیاسەتی بە عەرەبکردنی کەرکوك و ناوچەکانی ترکرد. لەکاتی حەسانەوەو نانخواردن لەگەڵ چەند دۆستێکی فەرەنسی کە پێکەوە دانیشتبووین قسەهاتە سەر رووداوەکانی ساڵی 1968, منیش هەندێ رووداوم بۆگێرانەوە, یەکێکیان کە کریس کۆچێرای

دۆستی دێرینی کوردە بە پێکەنینەوە گوتی دەبێ کۆڕێکی تایبەتی ڕێکبخەین تا باسی ئەو ڕاپەڕینەمان بۆ بکەێت!

دکتۆر ژان پییێر ڤییەنۆی دۆستی دیرینی کورد لە ساڵی 1964 هاتبووە کوردستان بۆ کۆکردنەوەی دۆکیمەنت و چاوپێکەوتنی چەند کەسانێك کە زانیاریان لەسەر مەسەلەی کورد هەبوو. لەو دەمەدا ناکۆکی نێوان سەرکردایەتی پارتیو گرووپی مەکتەبی سیاسی دەستی پێکردبوو. چاوی بە هەردولا کەوتبوو, لەکاتی گەڕانەوەی لە ئێران گیرابوو, بەشێك لەو دۆکیمەنتانەی بەدەستی کەوتبوو لێیان سەندبوو, بەلاَم بەهاوکاری سەفارەتی فەرەنسا لە تاران وەریگرتبوونەوە.

جێگای داخە گەر بلێم ئەو دۆستە گەورەیەی کورد لەسەفەرێکی بۆ ئەفغانستان پێش داگیرکردنی ئەو ولاَتە لەلایەن لەشکری سۆڤێتەوە تووشی نەخۆشی تیفۆ دەبێ و لەوێدا دەمرێو تەرمەکەی بە هۆی سەفارەتی فەرەنسیەوە دەنێردرێتەوە بۆ کەسوکاری کە لە ناوچەی (مەسیف سەنترال) دەژیان. دکتۆر ڤییەنۆ خاوەن خێزان نەبوو, تێزی دکتۆراکەی پێش مردنی چاپ نەکرابوو. ناوی ئەو دۆستەی کورد خەریکە لەبیردەکرێت, بۆیە پێشنیهاد دەکەم لە چەند شارێکی کوردستاندا ناوی شەقامێك بەناوی دکتۆر ڤییەنۆ ناولێبنرێت.

هەولێر 9 نیسانی 2006